

# جگەرەکێشانی ناو قامیشەڵانەکە

**جووتیار ئەحمەد**
**(سلێمانی)**

من ناوم، نا قەینا ناوی خۆم نالێم، تەنیا ئەوەندە ئەڵێم من کوڕی دایکی خۆمم، باسی باوکم ناکەم. من کوڕی تاقانەی دایک و باوکم بووم، نەک هەر ئەوان، بەڵکو هاوڕێکانیشم زۆریان خۆش ئەویستم. دوای تەمەنێک دایکم مرد، بەماوەیەکی کورت دوای ئەوە باوکم ژنی هێنایەوە.

هەر لە منداڵییەوە کە گەیشتمە تەمەنێک توانایی بیرکردنەوەم هەبێ، ئیدی لە ژیان بێزاربووم، وەک دایکم پێی ئەوتم، دنیا بەکۆڵی منەوەبوو، لەهیچ جێگەیەک ئارامم نەبوو، ئەمەش تەنیا پێوەندی بەخۆمەوە هەبوو، هەندێ لە مرۆڤەکان بەو شێوەیە لەدایک ئەبن، واتە بیرکردنەوەو بێزاری ژیانیان ئەتەنێ، خۆشیان نازانن بۆچی؟ ڕەشبینی وەک شەپۆلێکی موگناتیسی هەمیشە بەشوێنیانەوەیە!

باوەژنیشم منداڵی نەبوو واتە دیسانەوە بوومەوە بە کوڕەتاقانەکە، ئەو باوەژنەم زۆری خۆش ئەویستم، بگرە زیاتر لە دایکی ڕەحمەتیشم بە لاولوێما ئەهات، بەڵام من هەر بێزار بووم لە دنیا، وەک وتم ئەمە تەنیا پێوەندی بەخۆمەوە هەبوو، هەر بۆیە لەناوەوە خۆم کوشت.. خۆم وێران کرد، بێ ئەوەی کردەی خۆکوژی ئەنجام بدەم، خۆم خواردەوە تا ئەوەی مێشکم تەقی، وەک تەقینەوە گەورەکەی سەرەتای دروستبوونی کەون، مێشکم پژاو خوێن لە دەم و لووتمەوە فیچقەی کرد، ئیدی مردم و خرامە ژێر گڵەوە. هەمیشە ئەو پرسیارە لە مێشکمدا ئەهات و ئەچوو، بۆ لە ڕۆژی دواییدا خوداوەند فرمان بە فریشتەی گیان کێشان ئەکات کە گیانی خۆی بکێشێت، ئەڵێت دەی کە هیچ ڕوحلەبەرێک نەماوەتەوە و گیانی هەموویانت کێشا، ئێستا نۆرەی خۆتە، واتە گیانی خۆت بکێشە، ئەمەش کردەی خۆکوژی بۆ من ئاسانتر کرد، چونکە بۆچی فریشتەی گیان کێشان بۆی هەبێت خۆی بکوژێت، بۆ من بۆم نەبێت؟ ئەم پرسیارە بۆ من

زۆر ئاڵۆزە! لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا کە هیچ هۆیەکت نەما بۆ ژیان، ئیدی خۆکوژی ڕێ پێ دراوە، ئەمە بەپێی لێکدانەوەی خۆم.

لەژێر گڵیشدا بێزاربووم، هەستم ئەکرد زۆر تەنگەبەرە، ئیدی هانام بۆ هاوڕێکانم بردو هەموو شەوێک ئەچوومە خەویان، تا بێن ڕزگارم بکەن و لەو ژێر گڵە دەرم بهێننەوە. ناچار بەدەنگمەوە هاتن و شەوێک بە پاچ و خاکەناز کەوتنە هەڵدانەوەی گۆڕەکەم، جەستەم وەک خۆی مابووەوە، ڕوخسارم بزەیەکی تێزابوو. بەیانییەکەی لە کاتی نانخواردندا بردیانمەوە بۆ ماڵەوە، چۆن پاشاکان لەسەر کورسی هەڵئەگرن و ئەیانگێڕن، ئەوها هاتوچۆیان بە من ئەکرد. باوکم زۆر تووڕەبوو وتی چۆن شتی وا ئەکەن ئەمە نابێ، باشتر وایە بینێژینەوە، بەڵام دایکی دووەمم وتی نەبەخوا شتی واناکەن من زۆرم بیر ئەکرد، باش بوو هێناتانەوە بەڕاستی ئێوە نیشانەی هاوڕێی بەوەفان، ئەو خۆ نەمردووە، ئەو بزەیەی سەرلێوی نابینن، هەر وەک جاران وایە، ئەم کوڕە سروشتی خۆی وایە تۆزێ مڕومۆچە ئیدی مردنی چی.

باوکم هانای بۆ مەلای مزگەوتەکە برد، مەلا وتی مادام خۆی پێی خۆشە و هاتووەتە خەوتان کە دەری بهێننەوە، ئەوە زۆر ئاساییە. باوکم وتی ئاخر مەلا گیان ئەمە کەی شەرع و دیانەتە؟ مەلا وتی وەڵڵا ئێستا ئەوهای لێ هاتووە خۆ بەدەست من نییە، کوڕە حەز ئەکات لەسەر زەوی بێت نەک ژێر زەوی، کەسە خۆشەویستەکانیشی بەهەمان شێوە، ئیدی خۆ بەدەست من و تۆ نییە!

هاوڕێکانم بۆ شین بۆ هەموو شوێنێکیان ئەبردم، شایی بۆ بازاڕ، تەنانەت بۆ سینەماش، زۆرجار دایکی دووەمم ئەیوت ئەچم بۆ بازاڕ، یان بۆ فلان شوێن توخوا با ئەویشم لەگەڵ بێ، ئیدی هاوڕێکانم هەڵیان ئەگرتم و ئەیانبردم، لەو بازاڕەدا دوکان بە دوکان بەشوێن دایکمەوە بووم.

تا ئەوەی ڕۆژێک هاوڕێکانم بردیانم بۆ ناو قامیشەڵانێکی چڕ، بەڵام لە ناوەندەکەیدا شوێنێکی خۆش و فێنک بۆ پشوودان هەبوو، ئیدی هاوڕێکانم لەوێ دەستیان بە خواردنەوەی ئەلکوهول و جگەرەکێشان کرد، جار جار قومێ شەراب و نەفەسێ جگەرەشیان بەشی منیش ئەدا، کەیف و سەفایەکی خۆش بوو گۆرانی.. چەقەنە، منیان لەسەر کورسییەکە هەڵئەساند سەمایان پێئەکردم، ئێوارەی هاوینێکی گەرم بوو، بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن جگەرە بە ئاگرەوە پەڕیبووە ناو قامیشەکانەوە، من ئەمبینی هەرچەند هاوارم کرد، بەڵام ئەوان دەنگیان نە ئەبیستم. ئیدی ئاگر هەڵگیرساو بەسەرخۆشی هەرچۆنێک بێت خۆیان دەربازکرد، بەڵام منیان لەبیر چوو. من لەوێ مامەوە و بە شێوەیەک سووتام و بووم بە قەقنەس، ڕوخسارم بزەکەی جارانی نەما، بە شێوەیەک ڕوخساریشم وەک ناخم خەمی لێ ئەباری. شەو درەنگانێ کە هاتبوونەوە سەرخۆ منیان بیرهاتبووەوە، بە چراوە هاتن تا دەرم بێنن، وتیان وەڵڵا بووە بە ئەفریقی.

کە بردیانمەوە بۆ ماڵەوە دایکی دووەمم زۆر گریا، وتی ئەمە ئەو نییە، من نامەوێ. باوکیشم وتی تا هەمووتانم وەک ئەو نەسووتاندووە لەبەرچاوم ون بن، ئەویش بۆ خۆتان بەرن، ئەوە کوڕەکەی من نییە. زۆر هاوارم کرد، بەڵام دیسانەوە دایکی دووەم و باوکم هاواریان نەبیستم، هاوڕێکانیشم سوێندیان خوارد کە ئەمە کوڕەکەی خۆتانە بەس تۆزێ سووتاوە، باوکم زیاتر تووڕەبوو. لەمەوە من بووم بە کەسێکی بێ دایک و باوک، بەڵام هاوڕێکانم هەرگیز وازیان لێ نەهێنام، لەجاران زیاتر لەخزمەتمدابوون، ئیدی ئێواران نەیانئەبردمەوە بۆ ماڵی باوکم، بەڵکو هەر ئێوارەیە و هاوڕێیەک ئەیبردمەوە بۆ ماڵی خۆی، بگرە زۆرجار شەڕیان بوو لەسەرم کە کێیان زیاتر خزمەتم بکات و بمباتەوە بۆ ماڵی خۆی، بەڵام من ئیدی بۆ هەمیشە لەناخەوە ئەگریام، ئاخر بۆچی دایک و باوکم نامناسنەوە، بۆ لە باوەشی خۆیان بێبەرییان کردم؟ یان وەک مەلا وتی ئەم سەردەمە وایە، هەموو شتێک لای مرۆڤەکان ئاساییە. هاوڕێکانم لە هەڵگرتنی خۆم و کورسییەکە بەردەوام بوون، بۆ هەرشوێنێکیان ئەبردم ئەیانوت ئەها ئەوە ئەفریقییە داماوەکەیان هێنایەوە، کە هەرگیز پێناکەنێ. باوکیشم هەموو ڕۆژانێکی هەینی بە دڵێکی شکاوەوە ئەچووە سەر ئەو گۆڕە بەتاڵەی کە کاتی خۆی منیان تێدا ناشت.

*** بەردەوام بە سەیرکردنی ئەو فیلمانە پەست بووم کە ڕووداوەکانیان لە شەودایە، یان لە تاریکیدا.**